به بۆنەی بیست و حەوتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان
# ماڵێک بۆ کۆکردنەوەی قەڵەمی جوان و دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی ئەدەبیاتی کوردی

حەمەئەحمەد جاف

بوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی، واتە بوونی هزری پاک و فیکری ڕووناکی زانست و ژانری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی نەتەوە، هەموو نەتەوەیەکیش لە دنیادا خاوەنی ئەزموون و هەڵوێستی نەگۆڕی خۆیەتی، هەمیشە و بەردەوام بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی هاوچەرخانەی ئەزموون و ژیاریی گەلەکەی لە هەوڵدانەدا بووە.

گەلی کورد لە بواری دەرچوواندنی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی کوردیدا، ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی لە پاراستنی وشەی پاک و ڕەسەنی زمان و ئەدەبی کوردی و هونەر و ڕۆشنبیریدا هەبووە.

هەروەکوو ئاشکرایە ١٨٨٩/٤/٢٢ لە مێژووی دێرینی کوردستاندا ڕۆژێکی پیرۆز و مەزن و مێژووییە، کە تێیدا گەلی کورد توانیویەتی شانازی بە گیانی نەمری (مەدحەت بەدرخان)ی یەکەم ڕۆژنامەنووسی کوردەوە بکات کە لەو ڕۆژەدا مەشخەڵ و بڵێسەی شۆڕشێکی نوێی ڕۆژنامەوانی کوردی لە غوربەت و ئاوارەییدا داگیرساند و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) ـەوە لە قاهیرەی پایتەختی کۆماری عەرەبیی میسرەوە، وەک پەیامێک گەیاندە کوردستان و دید و سەرنجی یەکەم وشەی ڕەسەنی (ڕۆژنامەی کوردی) ڕووناک کردەوە. ئەمڕۆش لەگەڵ هەنگاوی تەواوکردنی (٢٧) ساڵ لە مێژووی تەمەنی گۆڤاری (ڕامان)ی تاقانە و دایکدا، ڕێ دەکەین و لێرەوە من وەک نووسەر و خوێنەرێکی بەردەوامی ئەو گۆڤارە شیرینەی کوردیمان، لەگەڵ داگیرسانی ٢٧ مۆم و دەرچوونی ٣١٤ ژمارە، گوڵی پیرۆزبایی و کوردستانێک ماچ و خۆشەویستی بۆ (٣١٤) ژمارەی ئەو گۆڤارە ئازیز و خوێن شیرینەی کوردی دەنێرین و دەڵێین: (ڕامان) ساڵیادت پیرۆز و خەرمان بەرەکەت.

گۆڤاری (ڕامان) مانگنامەیەکی ئازادی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە، لەبەر ڕووناکی بڕیارێکی ڕاستودروستدا، لە باشووری کودستان چاوی گەشی هەڵێناو یەکەم ژمارەی لەژێر ناوی (تێڕامان) لە ١٩٩٦/٦/١١ لە هاوینەهەواری پیرمام چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم گۆڤارە تا ژمارە (٥)، لە هاوینەهەواری پیرمام و لە ژمارە (٦) ـەوە تا دواژمارەی (٣١٤) لە شاری هەولێری پایتەخت دەردەچێت و تا ئێستاش بەردەوامەو هەموو

پێنجی مانگان بە بەرگێکی شەنگ و دیزاینێکی جوان و ستایلێکی نوێوە دەکەوێتە بەردەستی نووسەران و خوێنەران، کە خاوەنی ئیمتیازەکەی: شەهید شەوکەت شێخ یەزدین و سەرنووسەر: ئازاد عەبدولواحید و بەڕێوەبەری هونەری: سەرکەوت وەلی و مۆتیڤ و پۆرترێت: قەرەنی جەمیل و دیزاینی بەرگەکەشی: (باسم ڕەسام)ە.

ڕامان.. ئەم گۆڤارە بە بڕشت و دەوڵەمەندە ئەدەبییەی کورد، لایەنێکی کارا و بەهێزی ژانری ئەدەبی و بزاوتی ڕۆشنبیریی کوردییە، لەسەرتاسەری کوردستانی گەورەدا، لێرە دەتوانین زۆر بە ڕاشکاوانە بڵێین: ڕامان ماڵێکە بۆ کۆکردنەوەی قەڵەمی جوان و بوێر و بەبڕشتی تێکڕای نووسەران، واتە کۆکرنەوەی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی شەقامی ئەدەبی کوردستان. ڕامان گۆڤاری دەستەبژێری ڕۆشنبیرانی کوردە، قاڵبووی دەستی توێژی نووسەرانی کوردستانە، هاوکات جێگای بایەخ و نرخاندنە، چونکە (ڕامان) هەڵقوڵاوی نێو کانیلەی وشەی قۆناغ و سەردەمە دژوار و سەختەکانە کە ڕۆحی سپی ئەدەب و ڕۆشنبیریی قەڵەم بەدەستانی شەقامی ئەدەبی کوردیمان پێویستی بە چاوپشکوتنی گۆڤارێکی لەو جۆرە بوو، تا سەرجەم ئەهلی قەڵەم لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بێ جیاوازی دەنگ و ڕەنگەکان خزمەت بە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی و رووناکبیرانی کورد بکات.

دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان) ڕاستەوخۆ پشتی بەو ئەدیب و رووناکبیر و نووسەرانە بەستووە و دەبەستێ کە دڵسۆزانە و خەمخۆرانە بیریان لە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووەتەوە، هەڵبەتە (ڕامان) ی تاقانە و دایک سەرەڕای ئەو دەوڵەمەندییەی بابەتەکانی، جگە لە گۆشەی (سووکە لەنگەر) لە کۆتا لاپەڕەی گۆڤارەکەدا کە هەر جارەی نووسەرێک دەینووسێت، لە بەرگی دواوەیدا زۆر بایەخ بە بڵاوکردنەوەی پۆرترێتی نووسەر و ئەدیب و کەسایەتییە کۆچکردووەکانمان دەدات، ئەمە جگە لە بڵاوکرنەوەی تابلۆیەکی جوان و دڵڕفێنی هونەرمەندان و فۆتۆیەکی هونەریی فۆتۆگرافەرێکی کوردستان لە بەشی ناوەوەی بەرگی یەکەم و دووەمدا، هەروەها (ڕامان) لە ڕووی دەنگ و ڕەنگی جیاواز و قەڵەمی بە بڕشتی نووسەران و دەوڵەمەندیی بابەتەکانییەوە، تاقە گۆڤارە لە باشووری کوردستاندا هاوتای نییە و نەشبووە، هاوکات گۆڤارەکە گرنگی بە بواری وەرگێڕان داوە و لایەنی وەرگێڕانیشی فەرامۆش نەکردووە، جگە لەو بابەتانەش کۆمەڵێک دەقی جوان و ناوازەی ئەدەبی لە (شیعر و چیرۆک و وتار و هەڤپەیڤین و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و هزر و فەلسەفە و هونەرەکان) بەرچاو دەکەون، کە شایان و شایستەی خوێندنەوەن و لەسەر خوێنەری کورد پێویستە بیانخوێنێتەوە و زانیاری لە بارەیانەوە هەبێ.

دەتوانین بڵێین (ڕامان) بەهەق ئەرشیڤێکی گەورە و مەزنی فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی کوردییە لە هەر چوار پارچەی دابەشکراوی کوردستاندا، چونکە جیا لە بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی و وتار و ڕەخنەی ئەدەبی، لە هەمان کاتدا بووەتە پردێکی پێوەندی لە نێوان قەڵەمە بەبڕشتەکانی باشوور و سەرجەم پارچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستانی مەزن، واتە دەتوانین بڵێین: ڕامان گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە کە ٢٧ ساڵە بەردەوامە و بێوچان خزمەت بە بواری زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیمان دەکات، هاوکات مینبەری وشەی ڕەسەن و بڵندگۆی دەنگهەڵهێنانی قەڵەمی خاوێنە، ماڵێکیشە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان، لێرەدا نابێ ڕۆڵی دیار و بەرچاوی ئازاد عەبدولواحید شەونخوونکێش و سەرنووسەری گۆڤارەکە لە بیر بکرێ کە (تاقە سوارە)، شان بەشانی پەنجە هونەرییەکانی سەرکەوت وەلی و قەرەنی جەمیل و باسم ڕەسام لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاو داوە و تاو دەدات لە پێناو دەرچواندنی ئەو گۆڤارە و خزمەتکردن بە قەڵەمە جوان و خاوێنەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و بەرز ڕاگرتنی زمان و وشەی ڕەسەنی کوردی لەسەرتاسەری کوردستانی گەورەدا.

(٢٧) ساڵەی تەمەنی دەرچوونی گۆڤاری ڕامان، تاقانە گۆڤاری ئەدەبیی کوردی لە سەرجەم خوێنەران و نووسەرانی کوردستان پیرۆز بێت، بەرز و شکۆداربێت گۆڤاری (ڕامان)ی دایک.